# دەستکەوتەکانی باشوری کوردستان لە نێوان ململانێی هەرێم و بەغدادا

دوای پاشەکشێی شۆرشی ساڵی ١٩١٩ بە سەرکردایەتی شێخ مەحمودی حەفید تا ئەمرۆش، خواست و ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی گەلی کورد و بزووتنەکەی بەدوا قۆناغی دڵنیایی و رزگاری نیشتمانی نە گەیشتوە، لە دوای تێپەربوونی ئەم مێژوو دوورو درێژە کە پڕ لە کارەسات و نەهامەتی و ماڵ و وێرانی بووە، لەو پێناوەشدا دەریایەک خوێن و قوربانی و گیان فیدای دراوە. یەکێک لە گرێ کوێرەکان و مەسەلە چارەنوسسازەکانی خەبات و تێکۆشانی بزاڤەکەمان، مەسەلەی یەکلایی نەبوونەوەی چارەسەری شاری کەرکوک و ناوچە دابراوەکانی ترن کە لەسەر هەرێم نین.

یەکێک لەخاڵە ناکۆکەکانی نێوان شێخ و ئینگلیزەکان مەسەلەی شاری کەرکوک بووە، چونکە ئینگلیزەکان دەیانویست قەناعەت بە شێخی نەمر بهێنن کەدەست لەکەرکوک هەڵبگرێ، بەڵام شێخی نەمر سازشی لە شاری کەرکوک نەکرد و دواتریش چارەنووسی شۆرشەکەی بەرەونەمان رۆیشت. ئینگلیزەکان بۆ سەرکوتکردنی داخوازیەکانی کورد و شیعە، عەرەبی سونەیان لە حیجازەوە هێناو بەسەر عێراقیەکانەوە کردیان بە حاکم ،مەلیکەکان بە درێژایی ٣٨ساڵ حکومرانی لە عێراق نەیانتوانی رێ لە داخوازی و مافەکانی گەلی کورد بگرن. بە درێژای مێژووی سەرجەم شۆرشەکانی گەلی باشووری کوردستان، هەموو دانوستان و حیوارەکاندا لەگەڵ حکومەتە یەک لەدوا یەکەکاندا لەسەر یەکلایی نەبوونەی چارەنووسی شاری کەرکوک بە بنبەست دەگەیشتن وجارێکی تر شەری چەکداری دەستی پێ دەکردەوە، ئێستا نزیکەی چوار ساڵ بەسەر پرۆسەی ئازادی عێراق و رووخاندنی رژێمی بەعسدا تێدەپەرێت، هێشتا داخوازی و مافەکانی خەڵکی کوردستان لەبەردەم مەترسی و هەرەشەدان. ئەو هەلەی کە لەدوای پرۆسەی ئازادی رەخسا و زەمینەیەکی سیاسی و دبلۆماسی گەورەی بۆ سەرکردایەتی سیاسی کورد رەخساند تا شێلگیرانە پێداگریی لەسەر گەرانەوەی شاری کەرکوک و ناوچە دابراوەکانی تری کوردستان بکات، بەڵام بەداخەوە بە هەرەشەیەکی وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتی تورکیا ئەو فرسەتە لەدەست چوو، بەپەلە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ١٧کیلۆمەتر لە شاری کەرکوک دوور خرایەوە. راستە هەڵوێستێکی روونی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشە ئاڵۆزەکانی شاری کەرکوک نییە، لەلایەکەوە پشتوانی لە هێرشەکانی تورکەکان بۆسەر ناوچە شاخاویەکانی باشوری کوردستان و گەریلاکانی پ.ک.ک دەکات، لە لایەکی ترەوە کەوتۆتە دروست کردنی ملیشیای سەحوەی سونە دژی قاعیدە، ئەمەش راستەوخۆ پشتوانی ئەمەریکیەکانی بۆ بەرزبوونەوەی باڵانسی کێرڤی سونە بۆسەر گۆرەپانی سیاسی عێراق و دژی کورد و شیعە هاندەدرێت، بۆیە زۆربەی چاودێرانی سیاسی پێیانوایە لە ئێستا و ئایندەشدا ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کورد لە هەوڵە چرە دیبلۆماسی و سیاسیەکانی خۆیدا بەخۆی نەکەوێ، باڵانسی کورد لە عێراقدا بەرە و لاوازی دەچێت. لەچەند رۆژی رابردوودا ١٢ کوتلەی ناو پەرلەمانی عێراق کە تێکەڵەیەکی سونە و شیعە بوون کە زیاتر لە ١٠٠ پەرلەمانتار پێک هاتبوون، زۆربەراشکاوانە دژی ماف و خواستە رەواکانی گەلی کورد وەستانەوە، هەر لە رەتکردنەوەی ١٧% ی بۆدجەی هەرێم و گرێبەستە نەوتیەکان و تەرخانکردنی بووجەی بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، بۆیە ئاماژەکان بە بەردەوامی پێمان دەڵێن هەر کاتێک دەسەڵاتی عەرەبی سونە یان شیعە لە ناوەندی عێراق بەهێزبوو ئەو ئیتر ئەوان لەوەعد و بەڵێنەکانیان بەرامبەر بە داخوازیە رەواکانی گەلی کورد پەشیمان دەبنەوە و پەنادەبەنە بەر پاساوی نابەجێ. ئێستا لاوازی پێگەی کورد لە هاوکێشە سیاسیەکانی عێراقدا ئاماژە بۆئەوە دەکەن کە دەسکەوتە نەتەوەیی نیشتمانی کە بەخەبات و تێکۆشانێکی بەردەوام بەدەست هێندراون بکەوێتە بەرهەرەشە و گرفتەوە. بۆیە پێویستە جارێکی تر سەرکردایەتی سیاسی کورد لەکار و سیاسەتەکانیدا بەخۆیدا بچێتەوە و پشت بەهێزی لەبن نەهاتووی جەماوەر ببەستن و پشتوانی و هاوکاری سەجەم هێز و لایەنە سیاسیەکان بکات، کەئەمەش تەنیا بە یەک گوتاری سیاسی کوردستانیانە دەتوانرێ وەڵامی هەرەشەو رووداو و گۆرانکاریەکانی داهاتوو بدرێتتەوە کە بەرەو رووی کوردستان دێنەوە.



**هۆشیار عەبدولرەحمان ئەمین**

hoshyar_٦٤@hotmail.com



# گەز

## گۆشەیەکە فەهمی سلێڤانەیی دەینووسێ

سەرۆکاتیا کورد دوێ باوەرێدا نەبون رۆژەک وەرێ کەسەک هەبێ نهێنی یێن وان ژبن عەردێ سەرعەردبکەن و بمێرانی بانگی وان بکەن بۆ سەر شانۆیا مێزگەردەیەکا میدیایا ڤەکری و بەرامبەی جەماوەری هەمی بەلگەیێن گەندەلیاوان بدێ بەرچاڤ!؟ئیرۆ دچەند رۆژنامەیەکاندە ئەم دبینبن مینا دوپشکەکێ سۆرێ ژەهراوی ژ ئەمەریکا برێ دکەڤەو بەرەو کوردستانێ ڤەدهێت،دیارە خوەستەکاوی بسەرکردەیەکێ کورد ڤەبدێ،ئەو دوپشکە مرۆڤەکێ ناڤدارە بناڤێ(مایکڵ رۆبن) ئەڤ ناڤدارە دناڤ لاپەرێن چەند رۆژنامەیەکاندا بەحسێ گەندەلیا سەرکردایەتیا کورد کربوو ژمارا سەرمایاوان د بانقێن ئەمەریکادا ئینا بویە زمان و سەرۆک مام جەلالیش سکالە لەسەر رۆژناما هاولاتی پێشکەش کربو،ئەڤە بهتر بو ئەگەرێ تێکڤەداناوێ پیساتییا کوچەند لایەنەکا دەست دابونە سەر و پاراستبون،داکو بۆنەکاگەنی دەرنەچت،وەکو زانەبون و تێگە هشتنا من ئەڤە نامەیەکا ڤەکری و مەلغۆمە و پری دیپشکە بێی کو هەردوو سەرۆک وێ نامێ ڤەکن ئەو دیپشکە بدەست و تبلێن وانڤەدێدەن،مەرەم ئەوە کو ژ هەلوێستێن خوە ڤەگەرن و باشتر خوە ببەر ژەوەندا ئەمەریکا ڤەگرێبدەن...ئەڤەژی بۆمە ئاشکەراو دۆزا هەرێمی و جیهانێ تەوازنەک دوبلۆماسی تارادەیەک باشە و پاراستیە،بەلێ ئاستێ نافخۆ ئەو پاراستنە ژبۆ بەرژەوندا خوەیا تەکرەوی بکار ئینانە!؟لەو را ئیرۆ ئەمەریکا کاریبوویە دەست دناڤا وێ بۆشاتیێ وەربدێ و خالێن لاوازێن وێ سەرۆکاتیێ ب بەلگە بدێ بەرچاڤێن گەلێ مەیێ کورد مەرەم ژبۆی پالدانا گرۆپەکێ ئۆپۆزسیونی کە بکێ ئالتەرناتیف و رێ خوەشکەربێ بەرەو سەرهلدانەکادن دژی وێ سەرۆکاتیێ و بخوە تێکدانا ڤێ ئارامیێ و ڤان دەست کەفتایە و بهتر دبەرژەوەندێن خوەێن تێکەلی تورکیا و خەلیجی دایە ئەڤ خواندنە زۆرا لاوازبویە لەئاستێ سەرکردایەتیا کوردڤە،وان بیر لڤێ رۆژێ نەکرە تاکو لاوازترین خال بدەنە دەستێ ئەمەریکا کو ئیرۆ بکەنە چەکەک بەرامبەر وان،ئەڤە دڤی واریدا بێ باوەری دناف بەرا سەرکردایەتی و گەلدا خویادبە،لەو را ئیرۆ سیاسەتەکا تەفلی هەڤ ژ ئالیێ هەردوو هێزێن سەرەکی دەست پێکریە، بتایبەتی بەرامبەری یەکتر و گەلێ مە،ئەوژی دەست تێوەردان بۆناڤ کاروبارێن یەکو کارکردن لسەر سیاسەتا کلاسیکا رژێما بەعس،کا چاوا وان پارتێن کارتۆنی و مافێ ئۆتۆنۆمیێ کارتۆنی ددانە گەلێ کورد،ئیرۆ هەردوو هێزێن سەرەکی بهەمان کار رابوینە بناڤێ دیموکراسی بونێ هەریەک لە ئالێن خوە پارتەکێ دادمەزرینێ یان بەرەیەک دبن چلوبەرگێن ئۆپۆزیۆن دامەزرێنێ بەرامبەری ییدی،یان پالپشتیا بالێن ناکۆک دناف هێزێن یەکتردا دکێ ژبۆی لاوازیا یەکتر ئەڤە هەمی پلان و سیناریۆنە دژی یەکتر و خوشکرنا زەمینەیەکێ دیکەیە بۆ ڤەگەرانا دیرۆکێ بەرە و پاشڤە داکو دیسان بزۆتێن دەم ئاگری بدەنە بن ئێزینگا،ئەم باش دزانین ئەمەریکا چ نەتەوێن بندەست و ستەمدیدار نەگەهاندنە ئارمانجێن وانێن رەواودان بمافێ وانێ چارەنوس نەدایە تاکو دان بمافێ چارەنوسێ نەتەوامەیا کورد بدەن،پتر ژ بیست مەلیۆن کورد لباکورێ کوردستانێ نە ئیرۆ وان بتررێ دزانێ و فشارێ دخەنەسەر سەرکردایەتیا باشورێ کوردستانێ کو ئەو ژی دان بفی ناڤێ نەرەوایێ تەرۆرێ سەر هەمان گەلێ مەیێ کوردێ باکور بدەن،ئەرێ چاوا ئەودێ دان ب چارمەلێۆنادەن ئەگەر ڤان چار مەلیۆنا بکۆلەو دیڤە لانکێن خوە نزانن و ڤی گەلی برسی و بێ ژیان نەهێلن....دناف پەیڤێن مایکڵ رۆبن دا دیارە دەما دبێژە سەرکردایەتیا کورد ئەوەندە کات بۆ خوە سەرف دکە بۆ کوردستانێ سەرف ناکەن ئەگەر کربا کوردستان دێ بتە دوبەی یا نژی دێ بتە غەزە ئەگەر نەکن....ئەڤە بوە تەهدیدەک و وی ئەو تەهدیدە نە ژبەرویکا خوە دەرخستە و یافەرە ئەم بێژین برادەرێ مە بئامۆژگاریا سی ئای ئێی کاردکە و ئینزارێ ددە سەرکردایەتیا کورد کو دەست ژ کەرکوک و خێراتێن وەلاتی بەردەن بۆ ئەمریکا یان دێ هەفسارێ وان گورایێن کو گرێدای بەردین!

# لەدوای شەڕ..نیشتمانی بێ گەل یان گەلی بێ نیشتمان!

بێ هودەیی یە ئەگەر کەسێک بیەوێ بگات بەوەڵامکی دروست یان بەلێکدانەوەیەک کەسەرجەم ناخ و مەبەستە پەنهان و شارەوەکانی ئادەمیزاد بزانێ،بە تایبەتیش ئەگەر ئەو مەبەستانە موخابەراتی بن یان سیاسی ..وەلێ تاوتێ کردنی رەوشی رۆژهەڵاتی ناڤین بە گشتی و کێشەی کورد و دەوڵەتەکانی ناوەند بە تایبەتی لە چارەی کۆتای سەدەی رابردوودا ئەگەر بکرێ بەخاڵی وەرچەرخان،لایەنە سلبی و ئیجابیەکانی هەڵسەنگێندرێ ئەوا بەشێکی زۆری لەو ئامانجە ستراتیژی و نەخشە ئیستعماری یە روون دەکاتەوە کە دەوڵەتە زلهێزەکانی داگیرکەرەکان رەسمیان کردووە بۆ چۆنیەتی داگیرکردن و دەست بەسەراگرتنی سامانی نیشتمای و تێکدانی هزر و بیرەشۆرشگێری و پێش کەوتن خوازەکان، ئەوەش روونتر دەبێتەوە کە داگیرکەران چۆن ویستویانە قەڵاچۆی ئەو نەتەوانە بکەن کە هەتا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان نەیانتوانیوە ببن بەخاوەن کیانی سەبەخۆ و ئاڵای سەبەخۆی خۆیان.دیزاین کارانی بیری ئیمپریالی بۆ چەواشەکردنی رای گشتی خەڵکی،هەمیشە ئەوەیان بەگوێ یاندا داوە کە ئەو بزوتنەوانەی بەناوی سەبەخۆیەوە خەبات دەکەن کاتێ دەگەن بە دەسەڵات هیچیان لەم دەسەڵاتانەی کە ئێستا هەن زیاتر نابێ و ئەوانیش ناتوانن دواکەوتنی ئابووری و کێشە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و تەندروستی یەکان چارەسە بکەن، لەبەرئەوەی بەراستی لەسەر بنکەیەکی فراوانی ئایدۆلۆژیای خزمەتگوزاری مرۆڤایەتی دانەمەزراون، بۆیە چاکتروایە لەگەڵ ئەو هێزەدابن کە سامانی نیشتمان لە پێناوی خەڵکدا بەکاردێنێ کە ئەویش دەسەڵاتی ناوەندە.ئەم هزر و بۆچونە ئستعماری یە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەمان تەواو درکیان بەوەکردووە کە سەبەخۆ بوونی نەتەوە ژێردەستەکان لەسەر نیشتمانی خۆیان مانی لەناوچوونی بەرژەوەندیەکانی ئەمانە بۆیە چ بەرێگای چەواشەکاری بێ یان بەلە ناودانی شۆرش و سەکردەکانی شۆرش،یان بە کرینی هەندێکیان بەبەردەوامی لە هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان دا بوونە..جگە لەوانەش دارێژەر و دیزاین کارانی هزری داگیرکاری کاتێ ئەزموونی میللەتێک یان وڵاتێک دەخەنە ژێروورد‌بینی سیاسی یەوە لە تاقیگەکانی خۆیان تەنیا تەماشای ئەو ساتەی ناکەن بەڵکو لەسەجەم لایەنە مێژوویی و شارستانی و جوگرافی و ئابووری یەکەی دەکۆڵنەوە ئینجا بەرنامە داهاتووی بۆ دادەرێژن... یەکێک لەو میللەتانەی رۆژهەڵاتی ناوەراست کە تائێستاش بەدەست پلانەکانی داگیرکەرانەوە دەناڵێنێ مللەتی کوردە.کە بە درێژایی مێژوو دوای (دەوڵەتی ماد)بووە بەخۆراکی جەنگی نێوان ئیمراتۆرەکانی فارس و رۆم و عوسمانی،تەنانەت دوای نەمانی ئەوانیش بەهۆی کەم ئەزموونی و خۆ خۆری یەوە رەگەز پەرستەکانی عەرەب وتورک و فارس بە پاڵپشتی ئیمپریالیزمی نوێی جیهانی،وڵاتەکەیان دابەشکردووە و کردویانن بە ژێرچەپۆکی خۆیان.بەڵام گۆرانکاری یە تەکنیکی و ئابووری و سیاسی یەکانی ساڵانی کۆتایی سەدەی رابردوو لەسەر ئاستی جیهانی کارێکی وای کرد کە بزوتنەوەی کوردایەتیش گوروتینێکی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێ و دیفاکتۆیەک لە ئاستی نێودەوڵتی دروست بکات کەم و زۆر کاریگەری خۆی هەبێ لەسەر رووداوەکان و بەرەوپێش تەکانێک بە مەسەلەکەی خۆی بدات،بەتایبەتی لە کوردستانی باشور.بەڵام سیاسەت و ئامەنجی داگیرکەران وەکو زانراوە هەمیشە لەسەر ئاسای(پەرت کە وزاڵ)بە بونیاد دەنرێ بۆیە کورد نەیتوانیوە لەماوەی ١٧ساڵی رابردوودا نە وەک پێویست خزمەتگوزاری یەمەدەنیەکان پێشکەش بکات،نە توانیویەتی رووەگەشە سیاسی یەکەی خۆی ئاشکرا و زاڵ بکات کە سەربەخۆی کوردستانە..ئەمەریکا کە رابەرایەتی کاپیتالیزمی جیهانی دەکات سەرەتای هاتنی بۆ ناوچەکە خۆی وەکو پاڵپشت و دۆستێکی هەمیشەی بۆ کورد نیشان دا لەلایەک بۆ ئەوەی کوردستان بکات بە بنکەیەکی تایبەتی بۆخۆی و چۆنی بوویت ئاوا بیکێلێ.لەلایەکی دیکەشەوە هیچ نەبێ کوردستان بکاتە بە ناوچەیەکی ئارام و زامنی ئەوە بکات کە ئێرانی ئیسلامی لەو سنورەوە نەتوانێ بشێوێنێ بۆ عێراقی داگیرکراو دروست بکات. ئەمە جگە لەوەی دەرونی کورد بەوەکپ و ئارام داکاتەوە کەمادام ئەمەریکا لەسەر خاکەکەیەتی ئیتر ترسی ئەوەی نابێ جارێکی دیکە تووشی راوەدوونان و کۆمەڵ کوژی ببێتەوە..مەسەلەی سەبەخۆی و گەرانەوەی ناوچە کوردیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بۆسەر ئیدارەی کوردستان ئەوە دواتر ئەمریکی یەکان وەکو برا گەورەیەک بریاری چارەسەرکردنەکەی دەدەن...بەڵام گۆرانی ئاراستەی رەوتی رووداوەکان لە ناوچەکە بەگشتی و دوای روخانی رژێمی بەعس لە عێراق بە تایبەتی هەندێ رووی شاراوەی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی ئاشکرا بوو،کە بوونە جێ بەجێ کەری ئەو قسەیە کەدەڵێ لە سیاسەتدا دۆست و دوژمنی هەتاهەتایی نی یە و بەرژەوەندی بەردەوام هەیە.ئەگەر نمونەش لەسەر راستی یەبهێنرێتەوە دەبێ ئاماژە بە پەیوەندیەکانی نێوان ئەمەریکا و تورکیا بکرێ کەچەند هەڵکشان و داکشانی بەخۆوە بینی.دوای ئەوەی کەخەریک بوو دۆستایەتی تورکیا و ئەمەریکا بچێتە دەرەوەی بازنە و پەیوەندیان نەمێنێ، لەناکاو ئەمەریکا فشاری خستە سەر دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان کەنابێ بەهیچ شێوەیەک دالدەی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا بدەن و دەبێ توندترین رێگا بگرنەبەر بۆ گەمارۆدانیان لەرووی سیاسی و ئابوری،ئیعلامی و سەبازیەوە،بەبێ گوێدانە بە بەهامرۆڤایەتی و کلتورتی یەکان نەتەوەی کورد،برا دەکات بەگژبرادا..ترسناکی ئەم کارە لەوەدایە ئەمەریکا و ماسۆنیەتی جیهانی بۆبرەودان و بەدەوام بوونی بەرنامەکانیان ئاڵایدەستەواژەیەکی پیرۆزیشیان هەڵکردووە کە (دیموکراتی)ە و دەیان کەڵە شۆرشگێر کە تادوێنێ بچووکترین هاوکاری کردنی ئەمەریکایان بەخیانەت دادەنا ئێستا خۆیان بوون بە (دەروێشی)ی بیری ئەمەریکی کە بۆ مللەتی کورد دووخاڵی زۆر ترسناکی تێدایە.،یەکەمیان:بەرگرتن یان نەهێشتنی بیری سەبەخۆیی و شۆرشگێری لەناو مللەتەکە بە دروستکردنی دایان بیانووی جۆراوجۆری ،ئەمنی و سیاسی و ئابورب و رۆشنبیری .دووەمیان:فشار خستنەسەر دەسەڵاتی سیاسی کوردی یە بۆ ملکەچ پێکردنیان و رازیکردنیان بەگفتوگۆ و دانووستان و رێککەوتن لەگەڵ حکەمەتی ناوەندی پێکهاتەنی دیکەی وڵاتەکە.ئەنجامی خراپی ئەم دوو خاڵەش بۆ کورد لەوەدایە کە دواتر دەبێ بە مللەتێکی بێ نیشتمان،هەر وەکو چۆن لە قۆناغە کۆنەکاندا هەرجارەی پارچەیەکیان لێ دابرِیووە ئەمجارەش پارچەکی دیکەی کوردستان دەدەن بە مللەتێکی(بێ نیشتمان)ی وەکو تورک و تورکمان دوا ئەنجام کورد دەبێ کێشەکەی خۆی لەگەڵ ئەواندا چارەسەبکات وەکو ئێستای عەرەب و ئیسرائلی یەکان زمانی گفت و گۆو دانووسانی دوولایەنی ناوکۆک لەسەر مێزی رێک کەوتن بەرنامەیەکی کۆنی ئەمەریکایە و هەموو کاتێ لەدوی شەڕی دوولایەنی پێکەوە داناوە و پشتگیری لەلایەکیان کردووە و زمانی هەرەشە و تاکتیکیش بەرامبەر لایەنەکەی دیکە.بۆیە زۆربەی ئەو دانووسانانەی ئەوان سەرپەشتیان کردووە لە جیهانی بە یەکسانی و رەوایی کۆتایی پێ نەهاتووە و ئەمەی کوردیش ئەگەری خراپتر نەبێ باشتر نابێ.رەنگە خوێندنەوە بێ پێشنیازەکانی(پیکەر و هاملتۆن)شایەتی ئەو راستیە بن..راستە زمانی گفتوگۆی لە نێوان دوو لایەنی ناکۆک چاکترە لە شەڕ و کوشتار،بەڵام خەدەبێ لایەنی کەم مەرجەکانی یەکسانی و پشت گوێ نەخستنی مێژوو،جوگرافیا و ،کلتور، هتد..لەو دانووسانەدا رەچاوی بکرێ،ئەگینا پێچەوانەی ئەوانە کارەکە دەچێتە قاڵبی پەیماننامەوە،هەموو پەیماننامەیەکیش قابیلی هەڵوەشانەوەیە،بە تایبەت ئەگەر نەوەیەک بێتە گۆرەپانەکە قبوڵی داگیرکاری و نیشتمان فرۆشی نەکات.



**نەوزاد حوسێن محەمەد**